# تامەزرۆیی بۆ رابردوو

حەمەسەعید حەسەن

کە شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ دیل کرا، ساڵی ١٩٢٠ برایم خانی دەلۆ لە پێناوی ئازادکردنیدا شۆڕشێکی هەڵگیرساند. ئێستا کە عەبدوڵڵا ئۆجالان دیلە، مام جەلالی دۆستی دێرینی نەک هەر هەوڵی ئازادکردنی نادا، بەڵکوو ئەوەتا بۆ ئەوەی تورکیا متمانەی پێ بکا، سەرقاڵی قەلاچۆکردنی چەکدارەکانی پەکەکەیە.

ساڵانێکی دوور و درێژ پارتی لە ڕێی قەزوان خواردنەوە لە خزمەتی ئێراندا بوو. یەکێتی لە ماوەیەکی کورتدا بە گوێزێ پێش پارتی کەوت و تەنانەت خەریک بوو جێ بە ئەرتەش و پاسدار و بەسیجیش لێژ بکا. یەکێتی ئێستایش سەرقاڵی هەمان گەمەیە، بەلام لەوە ناچێ مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە. ئاخر پارتی، حیزبە دەست و پێ سپییەکەی راژان نییە. ئاخر قەدی درەختی پێوەندی نێوان تورکیا و پارتی، زۆر لەوە ئەستوورترە کە ڕەشەبای سلێمانی بیهەژێنێ.

کە شەڕ لە نێوان ‹ینک› و ‹پدک›دا گەرم بوو، پەکەکە هاوسەنگەری یەکێتی بوو. ئەو ڕۆژانە چەکدارەکانی ئاپۆ بە بەر چاوی مام جەلالەوە، منداڵی کوردیان لە کۆشی دایکی دەفڕاند و لە قۆپیی قەرەداخیان توند دەکرد. ئەو ڕۆژانە یەکێتی چونکە نەک تەنیا لە رووی سەربازییەوە، بەڵکوو لە رووی داراییشەوە هانای بۆ پەکەکە دەبرد، چاوی لە هەموو سەرپێچییەکانی گەریللای سەر چیا دەنووقاند.

جاران کە کوردایەتی وەک ئێستا بە تەواوی ئابرووی نەچوو بوو، مام جەلال بە نهێنی نامەی بۆ ‹کۆکسال›ی ڕاوێژکاری تورکیا دەنارد و پێی دەگوت: ‹ ئێمە لە هەموو بوارێکدا ئامادەی هاوکاریی بەردەوامین لەگەڵ برا تورکەکانماندا.›‹١› بەلام هەنووکە کە کوردایەتی بە ڕۆژی نیوەڕۆ ئەتک کراوە، مام جەلال بە ئاشکرا بە سەرکۆماری نوێی تورکیا دەڵێ: ‹شانازی بەو مێژووەوە دەکەین کە بە خوێنی پاکی تورک و کورد ئاو دراوە و ئاواتەخوازین وەک جاران خوێنی کورد و تورک لە پێناوی تورکیادا لە هەمان سەنگەردا بڕژێ.›‹٢›

جاران کە کوردایەتی وا سووک نەبووبوو، ڕەشترین لاپەڕە لە مێژووی کورددا ڕەوتاری سوارەی حەمیدی بوو، کەچی هەنووکە یەکێتی خوازیارە هەمان ڕۆڵی سوارەی حەمیدی بگێڕێ. جاران خەڵکی گۆشتی ڕانی خۆیانیان دەخوارد و منەتی قەسابیان هەڵنەدەگرت، جاران خەڵکی لێ دەگەڕان جەردە رووتیان بکاتەوە و بە پردی نامەرددا نەدەپەڕینەوە، کەچی هەنووکە پدک ٣١ی ئاب بە شانازی و شاکار و ڕۆژێکی پیرۆز لە قەڵەم دەدا.‹٣›

جاران بارزانییەکان بۆ داکۆکی کردن لە کۆماری کوردستان ڕوویان کردبووە مەهاباد، هەنووکە چەکدارانی پەکەکە لە داگیرکەران سەرسەختانەتر دژایەتی ئەزموونەکەی باشوور دەکەن!

کیۆمەرس ساڵح دەڵێ: ‹من کە وەک هەواڵنێری مانگنامەی ئەرتەش لە زۆربەی دادگاییەکاندا

بەشداریم کردووە، هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەمەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە.×٤> ‹من کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بە ڕەحمەتی خودا دەزانم و شانازیی بەو مردنە مەردانەیەوە دەکەم.×٥> ئەمە قسەی قازی محەمەدە لە دوا ساتەکانی دادگاییکردنیدا، عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش دوای ڕووبارێ لە خوێنی لاوانی کورد، لە پێناوی قوتارکردنی خودی خۆیدا، کەساسانە داوای لێ بوردنی کرد!

2000. 09. 30

**سەرچاوەکان:**

(١) نامەی جەلال تاڵەبانی بە خەتی خۆی، بە زمانی عەرەبی کە هاوینی ١٩٩٥بۆ سۆنمەر کۆکساڵی ڕاوێژکاری تورکیای ناردووە.

(٢) بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرکۆماری نوێی تورکیا، کوردستانی نوێ، ژ: ٢١٤٩ پێنجشەممە ٢٠٠٠/ ٥/١٨

(٣) برایەتی ژ: ٣١٧٣ دووشەممە ٢٠٠٠/٩/٤

(٤) دەقی دادگاییکردنی پێشەوا...، ئا: بەدرەدین ساڵح، برایەتی ژ: ٣١٧١ شەممە ٢٠٠٠/٩/٢

(٥) دەقی دادگاییکردنی پێشەوا قازی محەمەد...، ئا: بەدرەدین ساڵح، برایەتی ژ: ٣١٧٠ پێنجشەممە ٢٠٠٠/٨/٣١